ئایا ئەو شتانەی کە ئەوان حەرامی دەکەن لە کاتێکدا خودا حەڵاڵی کردووە، ئێوە حەرامی ناکەن لە سەر خۆتان؟ ئایا ئەو شتانەی کە ئەوان حەڵاڵی دەکەن لە کاتێکدا خودا حەرامی کردووە، ئێوە حەڵاڵی ناکەن لە سەر خۆتان؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەوە پەرستنیانە

لە عەدی کوڕی حاتەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کە بیستوویەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە: {اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ} واتە: {زانا و ڕاهیبەکانیان (دینداڕەکانیان) کردووە بە پەروەردگار لە جیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (یان کردوە بە خوا) لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بێجگە لەوەی کە یەک خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێک ڕاست نیە بێجگە لە ئەو زاتە، پاک و بێگەردی بۆ ئەو (خودا) یەی لەوەی دەیکەنە هاوبەشی}. (عەدی دەڵێت) منیش وتم: ئێمە نایان پەرستین، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا ئەو شتانەی کە ئەوان حەرامی دەکەن لە کاتێکدا خودا حەڵاڵی کردووە، ئێوە حەرامی ناکەن لە سەر خۆتان؟ ئایا ئەو شتانەی کە ئەوان حەڵاڵی دەکەن لە کاتێکدا خودا حەرامی کردووە، ئێوە حەڵاڵی ناکەن لە سەر خۆتان؟» (عەدی دەڵێت) وتم : بەڵێ. -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە پەرستنیانە».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

کاتێک ئەم هاوەڵە بەڕێزە خوێندنەوە وتیلاوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ی بیست بۆ ئەم ئایەتە کە باسی جولەکە ونەسڕانیەکانی تێدایە کە ئەوان زانا وڕاهیبەکانیان کردووە بە (خودا) بۆ خۆیان کە هەندێک شتیان بۆ لە شەرعدا دادەنێن کە پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورەیە وئەمانیش گوێڕایەڵیان دەکەن لەو گۆڕانکارییە لە شەریعەتدا، ئەم هاوەڵە لە واتاکەی دڵنیا نەبوو چونکە گومانی وابوو پەرستن تەنها بریتیە لە سوجدە وکردارەکانی تر، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوون کردەوە کە گوێڕایەڵی زانا وڕاهیبەکان (دینداڕەکان) لە حەرامکردنی حەڵاڵ وحەڵاڵکردنی حەرامدا پەرستنە وپێچەوانەی حوکمی خوای گەورە وپێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3384